کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:22 1-2-2007

# بونیادی پێکهاتەی کورد و کاریگەری لە چۆنیەتی ژیانی: دیمانەیەک لە گەڵ نووسەر عەلی سیرینی ...

## سازدانی فەرەیدون سامان

*جوانکاری شار (شەقام، پارک، پرد، گۆرستان. . هتد) هەر تەنها ئەرکی حکومەتە، تاچەند ئەم پرۆژە ئیستاتیکە لە ئەستۆ بگرێ یان ڕۆڵی ڕۆناکبیرانیشە بەهزرو قەڵەم و کردارەکانیان هاوکارییەکی کاربکەن لە بەئێستاتیکای شارو بە شارستانیەتی کردنی کۆمەڵگاو وڵاتدا؟

عەلی سیرینی: شار بەرجەستە بوونی ژیاریی تاکەکانە، بەگرێبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆبونەتەوە، جێگیربوونە و شاریان دروست کردووە، یان شار وەک دەرەنجامێک بۆ پێکهاتەی ئەوان و هزرو کردارەکانیان بووەتە کەڵەکەیەک و هاتۆتەکایەوە.

ئێمە ناتوانین هیچ مەسەلەیەک باس بکەین بە شێوازێکی تەندروست، گەر نەزانین سەری پەتەکە لە کوێوە درێژبووەتەوە. تۆپێکی خوری یان بەن لەسەرەتادا داوێک بووەو، بەرێسین و پەشتن کۆبۆتەوە سەریەک و، شێوازی کۆتایی لە تۆپێک، گەورەو گران پێک هاتووە. کۆبوونەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا رێسین و پەشتنی خۆی هەیە. شار ئاوێنەی ژیارە، ژیار (civilization) کۆبوونەوەی گەش و نمای نەتەوەیەکە سەروەری دەنوێنێ (سەروەری وەزیفەی ئوممەتە) و، ئوممەتیش قۆناغێکی ترە لە گەش و نمای گەلڤانی (قەومیەت)، کە ڕەهەندێکی ڕۆشنبیریە: کەڵەکەبوونی دوو جەمسەری کۆچ و جێ نشینی (شوێن) لەگەڵ خل بوونەوە بەناو مێژودا (زەمان) کەڵەکەیەک ئامرازی گەورەی بەرهەمی هەرەوەز: هزر، فەلسەفە، سیاسەت ئابوری، بازرگانی، کشت و کاڵ. . . هتد

ئەم کەڵەکەیە (هارمۆنیەت) دروست دەکات لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، واتە گونجان فرە ڕەنگی سازگارو پێککەر. لێرەدا ئەم کایە جیاوازانە ئاڵوگۆرو، کاریگەری و هەڵکێش و داکێشی رووحی نەتەوەن/تاکەکان. شار تەعبیری ئەم ڕۆحەیە، پەرتوکی نەتەوەیە و، پێناسەی تاکەکانەو، مێژوی هاوبەشیانە. بۆیە شارە تەجەللای (دەسەڵاتی ئوممەتە) واتە دەوڵەت، دەبێتە باوەش بۆ کەڵەکە بوونی مێژوو بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە

کەواتە تاکەکان بەدرێژایی زەمان، هەڵسوڕێنەری کەڵەکەن و دروستکەرینی. خۆشیان وەفەرهاتووی ئەم کەڵەکەن و بە (خۆراکی) ئەو گەورەدەبن. کەمالیەت (perfection) تەجەللای ئەو سەیرورەتەیە هەمیشە لە بزاوت و زیندەگیدایە (حیویە) . شار گەورەکراوەی تاکی نەتەوە / دەوڵەتەو، تاکیش شارێکی بچوکە. بۆیە شار ئاوێنە گەورەکەی تاکەکانە. ئەگەر ئەم ئاخافتنە بکەینە دەروازەیەک بۆ تەماشاکردنی واقیعی ئەم خەڵکانەی لەم ناوچەیە دەژین، واتە کوردستان، لەوانەیە باری خوێندنەوەو شرۆڤەمان قورس تربێت. کورد لە فۆرمی ئوممەت - لە ڕەهەندە بابەتیەکەیدا - کەڵەکەی نیە، مێژوویێکی هارمۆنی هەرەوەزی هێنابێتە کایەوە. بەم واتایەش شار هەبوونی نیە لەم بوارەی ئێمە قسەی لێدەکەین، سەبارەت بە وڵاتەکەمان. کاتێک تاک بەرهەمی کەڵەکەی مێژووی کۆمەڵگایەکەیەتی و، ئەویش درێژەپێدەدری دروستکردنی ئەم کەڵەکەیە، وڵات / نیشتمان دەبێتە ئەو تۆڕەی تاکەکان و کایەکان بەیەکەوە گرێدەدا لە سیستەمێکی جوانی ڕەزم و نەزم، کە دەبێتە ئەو ئاوازانەی سیمفۆنیایەک دروست دەکەن، پێی دەگوترێ شار.

شار (واتە: من و تۆ و ئەویتر) پەیوەندییەکان ڕێکدەخات و دەسەڵات لەسەر هێڵە تەندروستیەکان ڕێڕەو دەکات. لێرەدا خەڵکان / تاکەکان تەواو کەری یەکترین و، هەر یەکێک لەوانە بەشێکی گرنگ و جوانکەرو پێشبەری بونیادێکن، لەشار بەرجەستە دەبێ. کۆی خەڵک دەسەڵاتەو دەسەڵاتیش فۆرمی بوون و نمایشی یەکە یەکەی تاکەکانە. ئەم پەیوەندییە وابەستە بەو بونیادەی لە سەرەتای وەڵامدا باسم کردووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

* ڕۆڵی کەناڵەکانی میدیا چی دەبێت لە بە ئیستاتیکاکردنی شاردا، تاچەند ئەم کەناڵانە توانیویانە ئەو ڕۆڵە کارایە بگێرن لە هۆشیاربوون لە ئەنجامدانی پرۆژەکانی جوانکاری شاردا؟

عەلی سیرینی: دەبێ پرسیار بکەین، کێن ئەوانەی کەناڵەکانی میدیا وە گەڕ دەخەن و بەڕێوە دەبەن؟ تاکەکان؟

کاتێ مەسەلە دیتەوە سەر باسی مرۆڤ / تاک، کە پێکهێنەری کۆمەڵگایە، لەشاردا تەجەللای کردووە باس و خواسی چۆنیەتی و ماهیەتی بوون و عەقلیەت و پێکهاتەی ڕۆحی و نەفسی کۆمەڵگا دێتەوە نێو باس. کۆمەڵگای ئێمە زیاتر نیشتەجێی گوندەکان بووە تا شار. سەرنجدانێکی ئەو فۆتۆگرافانەی دیمەنی شارەکانی کوردستان، لەسەرەتای سەدەی بیستەم و تانیوەی دووەمیش، بۆ نموونە شاری هەولێر گەورە شاری کورد، بەڕوونی دیار دەکەوێت پێناسەی شاربوون تەنها دەربڕینێکی وشەیە.

پێکهاتەی کورد هەمیشە خێڵ و گروپ و تائیفەی جیاوازو نامۆ بەیەکترو خاوەن هێزی تایبەت بە خۆیان بوونە. کەڵەکە هەرەمەزنیان، ئەو ڕێرەوە نەبووە شاری تەندروست بێنێتەکایەوە. بەڵکو ئەو نەریت و کردارو ئاکارانەیان بەدیهێناوە، باوکانی ئەو عەقلیەتە داخراوەن بێ ئەزموونە لە ژیارو، پەککەوتەیە لە ڕۆشنبیریدا (بە مانا فراوانەکەی)

هەربەم شێوەش ئەم پێکهاتە بێ سەروبەرە و ناکۆک و نامۆو (کەیۆس) ە خل بوەتەوە بەناومێژوداو، هاتوتە بەردەم دەرگاری سەدەی بیست و یەک. ئێستا ئەم پێکهاتە پەرتەوازە لەخێڵ و گروپ و پارت، هەریەکە و خاوەن دام و دەزگای میدیای خۆیەتی، ئایا ئەم میدیایە نوێنەری چ عەقڵێکە؟ئایا نوێنەری عەقلی کەڵەکەبووە لە مێژودا، بە هزرو فەلسەفەو زمانی دەوڵەمەند دروست بووە؟

ئایا نوێنەری ئەو مرۆڤەیە تاکی شارەو، شاریش ئاوێنەیەتی؟ میدیای کوردی بۆ ئەم ئاراستەیە کار ناکات. هەرخودی ئەم میدیایە بێ ئاگای هەرەگەورەیە لەمەڕ بابەتی شارو جوانکردنیدا.

هەڵوێستی میدیاش لە کۆمەڵگای دواکەوتوو بۆ کۆمەڵگای پێشکەوتوو، ئەوەیە ئەوی یەکەم کار بەشاردەکاو ئەوەیتریان کاری بۆ دەکا.

* بۆ ئەو هۆکار و پێکهاتەو زەمینەیە لە کۆمەڵگای کوردستاندا نەهاتۆتە کایەوە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و، شارێکی جوان وەک ئەوەی لەناو گەلە پێشکەوتووەکانی جیهان لە ئارادایە؟

عەلی سیرینی: وەڵامی پرسیاری یەکەم دەکەمە سەرچاوە بۆ تێگەیشتن لە وەڵامی گشت پرسیارەکان. کە دەڵێن کورد و کوردستان، ئاماژەکان وادەگەینن پێکهاتەیەک هەیە پێی دەگوترێ نەتەوە / نیشتمان.

لە کاتێکدا نە بناغەو نەدیوار بوونی هەیە، ئەم پرسیارە دەڵێ بۆ سەقف دروست نەبووە؟

ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی ئێرە، کوردستان، هەر لە کۆنەوە پەرتەوازە و نامۆ بەیەکتر بوونە. پەیوەندی ئابوری لە نێوانیاندا نەبووەو، بەرهەمی پیشەسازی لێرەدا نەهاتۆتەدی

زمان تەعبیری ڕووحە، لە نێو (ئێمە) دا چەند زمانێکی جیا لەیەک و پەرتەوازو هەژارن و هەمیشە لە ژێر ڕکێفی زمانە دەوڵەمەندەکانی دەوروبەردابوونە.

کۆنترین تێکستی (کوردی) دەگەڕێتەوە بۆ چوار سەدە، ئەویش بەزمانی کرمانجی نووسراوە. هەندێکیش بە سۆرانی و کەمێکیش بە هەورامی، کۆی بەرهەمی ئەم زمانانەش تەنها شیعر بووە. لە مێژوی کوردەکان نەبووە تێکستێک هەبێ لە فەلسەفە، زانست، مێژوو بە زمانی کوردی: شەرەفنامە بە فارسی نووسراوە و، سەرجەم نووسینی مێژووی کورد نووسینەوەی بەرهەمی ئەوانیترە کە دەربارەی کورد نووسراوە. شیعریش بەرهەم و هەڵقولاوی زادەی کورد خۆی نەبوە. بەڵکو بەچاولێکردن و لە ژێر سێبەری عەرەب و فارس و تورک ئەم فۆرمە هاتۆتەکایەوە و بەڵکو درەنگیش (1) . لێرەدا و لە مێژووەوە شتێک نیە بەناوی (عەقلی کوردی) تا ئێمە بێین شی بکەینەوە و شرۆڤەو نووسین و ڕەخنەی لەسەربکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

عەقلیش بە واتا سادەکەی نا وەک ئەوەی لەسەر زاری خەڵک باوە، بەڵکو کۆی هەرەوەرزی فیکرو فەلسەفەو ئەدەب و زانستی گەلێک بەیەک زمان بە درێژایی مێژوو بەرهەمی هێناوە. هەتا لە بەدبەختی ئەم خەڵکانەی ئێمە دەمانەوێ لە فۆرمێکی نەتەوەیی / نیشتمانی ئەدای وەزیفەی سیاسی و جیهانیمان بکەین، ئەوەیە تەنانەت چینی ئینتلجنسیای ناسیۆنالی (کورد) لە نێو کایەی رۆشنبیری دژەبەر هاتۆتە کایەوە. لەناو هەناوی عەرەب و فارس و تورک، ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، ئەمین زەکی بەگ. . . هتد، دروست بوون و هەوڵیان دا (کورد) بێننە ریزی ئەوانیتر (2) . تا ئێرە بە کورتی باسی بنەمای حەقیقی کێشەی خۆمانمان کردووە، کە بۆتە زەمینەی هەموو کارەسات و ئەو نەهامەتیانەی رۆحێکی شێواوی فەراهەم هێناوە کە روحی (کورد) ە. رۆحی شێواو پێویستی بە دروستکردنەوە هەیە و چاکردنەوەی ناوخودی. تا رووحێکی جوانیشمان نەبێ شاری جوانمان نابێت

* پەیوەندی رۆناکبیرو دەسەڵات لە چ ئاستێکدایەو، کاریگەری لەسەر ئەم جۆرە پرۆژانە چی دەبێت تا دەسەڵات بە جدی گوێ لە رێنمایی و زانیاریەکانی ئەم ئێلیەتە بگرێت؟

عەلی سیرینی: پەیوەندی نێوان رۆشنبیری دەسەڵات لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێ. لە نێو گەلە پێشکەوتوەکان لە سەردەمی کۆدەتاو، ریفۆرم و، بوژانەوەو، پێشکەوتن، چینێک رۆشنبیر سەر قافلەی کاروانی گەلەکانیان کردوە. بە تێپەڕ بوونی زەمان، ئەم چینە بۆتەوە بەشێک لە کۆمەڵگا، ئەویش بۆ خۆی گەیشتۆتە ئاستێکی پێشکەوتوو لە رۆشنبیریدا واتە سنوری نێوان رۆشنبیرو پێکهاتەکانی تری میللەت کاڵ بوەتەوەو، دەرەنجام پێشکەوتنێکی هارمۆنی (گونجاو) پەرە پێداوە، هەمیشە بە میکانیزمی خۆ نوێکردنەوەو، پەرەپێدان و، مەزن بوون کاردەکا. رۆناکبیران بەشێکی کاراو جددین لە خۆشگوزەرانی میللەت لە نێو گەلانی پێشکەوتوو (نموونەش لێرەدا رۆژئاوایە) . بەڵام هاوکێشەکە سەبارەت بە خەڵکانی دواکەوتوو جیاوازە. ئێمە بۆ نموونە وەک کورد چینێکی (ئینتلجینسیای) هەڵقوڵاوی زادەو خودی کورد بوونمان نیە، بە ویژدانی تەندروست سەرقافلەی رێرەوی ژیانمان بکا بەمەبەستی گەیشتن بە لێوارەکانی نەجات و بەختەوەری. لێرە چینێک دروست بووە، بۆتە پاشکۆی پەرتەوازەیی و نامۆیی و دواکەوتنی پێکهاتە دژوارەکەی خۆمان، پێش ئێستا باسم لێیەوەکرد (3) . رۆشنبیر لای خۆمان تەنها ئەو وەزیفەیە ئەدا دەکا، رێگای بژێوی ژیانی ئاسان و کورت دەکاتەوە بە هەراجکردنی هزرو رۆشنبیریەت لە بەردەم (سیاسەتمەداران) دا و لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دژ بە زۆرینەی خەڵک دەوەستێتەوە بۆ سەرخستنی پارت و سیاسەتمەدارو، درێژە پێدانی ئەو کارەساتانەی، رۆژ لەدوای رۆژ مەزن تر دەبن. ئەمەش تەنها بۆ ئەو بەرژەوەندیانەی هەڵیان دەکرێنێ لە خزمەت ئەو هەراجخانەی پێی دەگوترێ: سیاسەت. رۆشنبیری جدی و چاکخواز و بە ویژدانیش پەراوێزو کپ دکرێ تاوای لێدێت ببێت بە کائینێکی خورافی.

* بۆ بونیادی کۆمەڵگای کوردی هەمیشە دواکەوتوو بوە بە بەراورد لەگەڵ هاوشێوەکانی لە گەلانی دەوروبەری و جیهاندا بە درێژایی زەمەن و سەردەمە جیاوازەکان لە بەدیهێنانی شارێکی جوان و دروستکردنی شارستانیەتێک کاریگەری هەبێت بەسەر ئەوانی تردا.

عەلی سیرینی: پێشووتر باسم لە پێکهاتەی کورد کردوە، بەرای من کورد زاراوەیەکی وەهمیە بۆ پێکهاتەیەکی هیولی دەیەوێت پێناسەی ناسیونالی و نەتەوەی بداتە پاڵ. لە هیچ سەردەمێکدا پێکهاتە کوردیەکان بەیەک زمان وەفەرنەهاتوون، نەوەکانیان بەیەک زمان، ئەدەب و هونەر و زانستیان بەرهەم نەهێناوە، بەیەک زمان بیریان نەکردۆتەوەو ناکەن. ئەم کایە زۆر گرنگە و بنەرەتیە بۆتە هۆی ئەوەی ئەم پێکهاتەیە عەقلێکی هاوبەشی گونجاوی نەبێت خاوەن ئیمتیاز بێت (جیاکردنەوەی لەوانی تر)، ئەمە لە بنچینەدا. لە جەرەیاناتی ژیانیش ئەم پێکهاتەیە چەند خێڵ و قەبیلە و هێزی پەرت و بڵاوبوونەو زیاتر لە بەداوەت نزیک بوونە. بەئیرتیجالی ژیانیان بەسەر بردوە لە نێو جوگرافیایەکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

عاسی و سەرسەخت خەریكی دروست كردنی چەندین كۆمیونیتی بچوك و لەرزۆك بوونە. زیاتر خەریكی كشتوكاڵ و پاراستنی داب و نەریتی خێڵەكیەتی بوون.
لە كەش و هەوایەكی ئاوا شارستانیەت دروست نابێت، دەوروبەرمان لەكەناری دەریا و دەشت و شاردا سەرقاڵی هەروەز و كەڵەكەی شارستانی بوون، بە تێكەڵ بوون ورووبەرووبونەوە لەگەڵ شارستانیەتەكانی جیهان وموتربە بوون پێیان.
پێكهاتەی كورد لەمێژە هەرلەبەر ئەم هۆیەی باسمان كرد كەوتۆتە داوی عیشقی گەلە بەهێزەكانی دەوروبەریان و بەسی ستایل ژیانیان بردۆتەسەر لەگەڵ ئەم دراوسێیانە:
یەكەم: مەفتون بوون بەوان و، تواندەوە لەناویاندا ونەفرەت كردن لەباكگراوندی پێكهاتەی (ئەتەنی) خۆیان.
دووەم: بوون بەژێر دەستەی ئەوان و پەرەندان بەخۆو دروست بونی عوقدەی زۆر وەك: چەوسانەوە، خۆبەكەمزانین، رەشبینی و، لەئەنجامدا چۆك دادان.
سێیەم: بەرەنگاربونەوەی چەكداری كورت نەفەس و ناوچەگەروبچووك وبی بنەما لەرۆشنبیری و ئۆقرەگرتن بەشاخەكانەوە و كەوتنە عەشقێكی دواكەوتوانە لەگەڵ شاخ و داخ و داب و نەریتی خێڵەكێتی و پاراستن و قبوڵ نەكردنی گۆڕان.
دەرەنجام مانەوە بی دروست بوونی نەتەوە و، بی پێكهێنانی دەوڵەت (بەواتای دروستبوونی دەوڵەتبوون) و حكومەت و، بەجێمان لەپێشبركێی دونیا و لەنێو گەلاندا، ئەم بابەتە دووردرێژە ولێرەدا مەودا نابی، بەڵام بەراوردكردنی شارە كوردییەكان، نەك لەگەڵ جیهانی پێشكەوتوو، بەڵكو لەگەڵ دراوسێیانی كورد خۆی، دەردەخات رۆحی كوردی چەند كلۆڵە.
* كوردستان بەدرێژایی مێژوو خاوەنی چەندین بیناسازی دێرین و شوێنەواریە لەرووی ئیستاتیكاوە چ بكرێت بۆ لەنۆژەن لەخزمەت كردن بەم سیما كلتوریەو نیشاندانەوەی شوێنەوارە رەسەنەكان لەقەڵا و خانوو بەرەی دێرین ومنارەدا. . . هتد؟
عەلی سیرینی: رووحی كلۆڵ و دواكەوتوو لەو ئاستەدا نیە بتوانێت بەهای مێژوو، فەلسەفە، شوێنەوار، بیناسازی وشار وجوانی بزانێت، بۆگەیشتن بە كۆمەڵگایەك بزانێت وكاربكات بۆ جوانكردنی شارو پاراستنی شوناس و پەرەپێدانی مێژوو وشوێنەوار پێویستمانە بنەما و بونیادی كلۆڵ چارەسەر بكەین.
دیارە لە وڵامەكانی پێشووتر تیشكم هاویشتۆتە سەر ئەم بونیادە. جا هەتا لەوێوە سەر لەنوی چاكسازی نەكری، حاڵی كورد هەروەك خۆی دەمێنی وشاریش هەر بۆخۆی ئاوێنە دەبی.

---

پەراوێزەكان:
1- وتارێكی تایبەتی بڵاونەكراوەی عەلی سیرینی یە بەناونیشانی: ئایا كورد نەتەوەیە؟ لەساڵی 2002 نوسراوە ولەداهاتویەكی نزیكدا بڵاودەبێتەوە.
2- كەڵك وەرگیراوە لەكۆرێك بۆ عەلی سیرینی لەمەڵبەندی ناوەندی راگەیاندنی (ی. ن. ك) لقی هەولێر سازدرا لە 7-8-2006 بەناونیشانی: (پەیوەندی كورد و دراوسێكانی، فاكتەرەكانی بەهێزی ولاواز بوون).
3- بروانە: بابەتی: پەیوەندی نێوان رۆشنبیری و دەسەڵات لەكوردستاندا، لەهەفتەینامەی (الافق الجدید) ی عەرەبی (هەولێر) ژمارە (176) 28-11-2006

AliSirini@hotmail. com

تێبینی:- ئەم دیمانەیە لە رۆژنامەی كوردستانی نوێ ژمارە 4175 سێ شەممە 2007/1/22 بڵاوبوەتەوە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.